# ئارام بگرن، هەر سەردەمێک بێت ئەوەی پاش خۆی لەوە شەڕتر وخراپترە؛ هەتا دەگەنە لای پەروەردگارتان

زوبەیری کوڕی عەدی دەڵێت: هاتین بۆ لای ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- وسکاڵامان بۆ لای هێنا بەهۆی ستەمی حەجاجەوە، ئەویش ووتی: «ئارام بگرن، هەر سەردەمێک بێت ئەوەی پاش خۆی لەوە شەڕتر وخراپترە؛ هەتا دەگەنە لای پەروەردگارتان»، ئەمەم لە پێغەمبەرتانەوە بیست -صلى الله عليه وسلم-.

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

زوبەیری کوڕی عەدی وکۆمەڵێک کەس هاتن بۆ لای ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- کە خزمەتکاری پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم-، سکاڵای ستەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیان دەکرد، کە میری یەکێک لە خەلیفەکانی بەنی ئومەیە بوو، زۆر سەرکەش وملهوڕ بوو وبە ستەم وخوێن ڕشتن ناسراو بوو، ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- فەرمانی پێکردن بە ئارام گرتن لەسەر ستەمی کاربەدەستان، وهەواڵی ئەوەی پێدان کە هەر سەردەمێک بێت ئەوەی لە پاش خۆی دێت شەڕترە هەتا دەگەنە لای پەروەردگارتان، ولە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بیستووە، وئەم شەڕە بە شێوەیەکی گشتگیر وبێ سنوور نیە بەڵکو لەوەیە لە هەندێک سەردەم وشوێندا خێری تێدا بێت ولە هەندێک سەردەم وشوێنی تردا شەڕی تێدا بێت بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شەڕ وناخۆشی گوزەران زۆرتر دەبێت لە خێر وخۆشی گوزەران.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4953

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee